دەنگ لەسەر هەموارکردنی یەکەمی یاسای بنەماکانی هاوتاکردنی بەوانامەکان درا

ئەمڕۆ سەشەممە لە ئەنجوومەنی نوێنەران دەنگ لەسەر یاسای پێشنیارکراوی یەکەمین هەموارکردنەوەی یاسای بنەماکانی هاوتاکردنی بەوانامەکان درا.

ڤەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "ئەنجوومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر یاسای پێشنیارکراوی هەموارکردنی یەکەمی یاسای بنەماکانی هاوتابوونی بەوانامەی عەرەبی و بیانی و بەوانامەی ئەکادیمی ژمارە (20)ی ساڵی 2020 دا".

ئاماژەی بۆشکردووە، "هەروەها ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر لیستی ئەو باڵیەزانە داوە کە لەلایەن دیوانی سەرکایەتی حکومەتەوە نەردراوە و دەنگی بە مەتین حەسەن کامەل داوە وەک یاریدەدەری وەزیری بیناسازی و نیشتەجێکردن و شارەوانی گشتی".

ھەروەھا لەو راگەیەندراوەکەیشدا ھاتووە کە "ئەنجوومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر یاسای پێشنیارکراوی ھەموارکردنی دووەمی یاسای دامەزراوەی زیندانییە سیاسییەکانی ژمارە (4)ی ساڵی 2006 دا".

جێی ئاماژەیە ئەمە ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتنی خۆی بە سەرکایەتی مەحمود مەشھەدانی بەڕێوەچوو و بەشداریکردنی 169 پەرلەمانتار.